ئافات و تاوانەکانی زمان

درۆکردن

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:

(لَا يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلَا يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ). رواه أحمد وصححه الألباني سلسلة صحيحة ٢٨٤١.

واتە: (ئیمانی مرۆڤ دانامەزرێت تاوەکو لە دڵی دانەمەزرێت، وە دڵیشی دانامەزرێت تاوەکو زمانی پارێزراو نەبێت).



ئامادەکردنی
جمیل محمد

پێداچونەوەی
م.هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وآله وصحبه أجمعين.

موسڵمانی خۆشەویست یەکێکی تر لە ئافاتەکانی زمان بریتیە لە (الكذب) درۆکردن ، ئیمامی نەووی لە پێناسەی درۆکردن فەرموویەتی: (الإخبار عن الشيء على خلاف ما هو، عمدًا كان أو سهوًا، سواء كان الإخبار عن ماض أو مستقبل)[1].

واتە: (هەواڵدان بە شتێك بە پێچەوانەی ئەو شتەی باس دەکرێت، جا بە ئەنقەست بێت یان بە هەڵەو سەهو کردن بێت، وە ئەم هەواڵەش لەشتی ڕابردوو بێت یان داهاتوو).

بۆیە درۆکردن زۆر ترسناکەو یەکێکە لە تاوانە گەورەکان پەنا بەخوا.

بەڵگەی حەرامییەتی درۆکردن لەشەرعدا

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾ المرسلات: ١٥.

واتە: (هاوارو ناڵەو ئازار بۆ درۆزنەکان).

٢- ﴿ وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ﴾ الإسراء: ٣٦ . واتە: (شتێك مەڵێ کە زانیاریت لەسەری نیە ، چونکە بیستن و بینین و وتن هەموو ئەمانە لە ڕۆژی دوایی بەر پرسیارن).

٣- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾ التوبة:١١٩.

واتە: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لە خوا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆیان بن).

٤- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِى إِلَى الْبِرِّ وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِى إِلَى الْجَنَّةِ وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِى إِلَى الْفُجُورِ وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِى إِلَى النَّارِ وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ

---

(١) شرح النووي على مسلم ١/٦٩.

يَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا). رواه مسلم ٦٨٠٥. واته: (ڕاستگۆ بن چونکه ڕاستگۆیی مرۆڤ بەرەو چاکه دەبات، وه چاکەش مرۆڤ بەرەوە بەهەشت دەبات، وه مرۆڤی وا هەیه بەردوام ڕاستگۆیه و بەدوای ڕاستگۆیش دەگەڕێت تاوەکو لای خوای گەوره بەڕاستگۆ دەنوسرێت، وه ئاگادار بن له درۆ کردن چونکه درۆکردن مرۆڤ بەرەوە تاوان و خراپه دەبات، وه تاوان و خراپەش مرۆڤ بەرەو ئاگر دەبات، وه مرۆڤی وا هەیه بەردوام درۆ دەکات وه بەدوای درۆشدا دەگەڕێت تاوەکو لای خوای گەوره به درۆزن ناوی دەنوسرێت).

٥- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ). رواه البخاري ٣٣ ومسلم ٢٢٠.

واته: (نیشانەکانی مونافیق سێ شتن، ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنێکی دا نایباته سەر، وه ئەگەر کرا ئەمین لەسەر شتێك خیانەتی تێدا ئەکات).

٦- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ فَيَكْذِبُ ، لِيُضْحِكَ بِهِ النَّاسَ وَيْلٌ لَهُ ، وَيْلٌ لَهُ). رواه ابو داود وصححه الألباني في صحيح الجامع ٧١٣٦.

واته: (هاوارو ناڵەو ئازار بۆ ئەوکەسەی قسەیەك دەکات و درۆ دەکات بۆئەوەی خەڵکانێك پێبکەنێنێت ، هاوارو ناڵە بۆ ئەو کەسە هاوارو ناڵە بۆ ئەو کەسە).

٧- دایکمان عائیشه ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: (مَا كَانَ خُلُقٌ أَبْغَضَ إِلَى رَسُولِ ﷺ مِنْ الْكَذِبِ). رواه أحمد وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة " ٥ / ٨٠. واته: (هیچ ڕەوشتێك لای پێغەمبەری خوا ﷺ ڕق لێبووەو ناشرینتر نەبووە وەك درۆ کردن).

٨- عبدالله ی کوڕی مەسعود رضي الله عنه فەرموویەتی: (أعظم الخطايا الكذب). رواه أبو نعيم في الحلية ١/١٣٨. واته: (گەورە ترین تاوان بریتیه له درۆ کردن).

یان وەکو له سەلەف هاتوە دەیان ووت درۆ دا پۆشەرو دایکی هەموو تاوانەکانە.

زیانەکانی درۆ کردن

موسڵمانی خۆشەویست دوای ئەم ئایەت و فەرموودانە بۆمان دەردەکەوێت کەوا درۆکردن چەندان زیانی هەیه لەو زیانانەش:

١- کەسی درۆزن هەڕەشەی ئاگری لێکراوە لەلایەن پەروەردگارەوە .

٢- درۆکردن وتنی شتێکە بەبێ علم و زانیاری بەو شتە کە ئەمەش حەڕامە .

٣- خوای گەورە ئەمری پێکردووین لەگەڵ ڕاست گۆیان بین و دوور بین لە درۆ کردن .

٤- درۆ کردن تاوان و خەرا پەیەو خاوەنەکەی بەرەو ئاگر دەبات خوا پەنامانندات .

٥- ئەو کەسەی درۆ دەکات و بەردوام دەبێت لەسەر درۆ کردن ناوی لە لای خوای گەورە بە کەسێکی درۆزن دەنوسرێت .

٦- درۆ کردن یەکێکە لە نیشانەکانی کەسی موناقیق .

٧- کەسی درۆزن هەڕەشەیکی زۆر توندی لێکراوە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ کە ئازار و ناڵەیەکی زۆری بۆ هەیە لە ناو ئاگر .

٨- پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر ڕقی لەکەسی درۆزن دەبووەوە .

٩- درۆ کردن دا پۆشەرو دایکی هەموو تاوانەکانە چونکە کەسێك ئەگەر تاوانێکی کردبێت ئەوا دەڵێ نەم کردوە بۆیە بە درۆ کردنێك تاوانەکە لەسەر خۆی لا دەبات .

١٠- درۆ کردن دەبێتە مایەی نەمانی بەرەکەت لە ڕزق و ڕۆزی و مەعامەلەکردندا هەروەك لەفەرموودەی صەحیحدا هاتوە .

١١- کەسی درۆزن کەسێکی فاسقەو شایەتی وەرناگیرێت .

١٢- کەسی درۆزن کەسێکە دوورە لە خوڕەوشتی موسڵمانان و کەسێکی متمانە پێنەکراوە.

لە کۆتایدا ئەمە کەمێك بوو لە باسی درۆکردن و زیانەکانی بۆیە موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر بەڕاستی خوات خۆش دەوێ و شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوای ﷺ ئەوە خۆت لەم تاوانە گەورەیە بپارێزە کە دەبێتە مایەیی نەهامەتی مرۆڤ لە دونیا پێش قیامەت .

وصلی الله علی نبینا محمد وآله وصحبه وسلم. ١٨/ شوال ١٤٣٧ سۆران ٢٠١٦/٧/٢٣

لە بلاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین – سۆران – ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠